جەلال تەقی

بوومەلەرزەو ویرانکاری

سروشت لای هەموان خۆشەویستو رازاوەیەو بەنیشانەی کامەرانیو ئاسوودەیی دائەنێین . کەلەبەهاردا دەشتو دەری سەوزو پرلەگوڵ ئەوپەری خۆشیمان ئەداتێ ئەوە نایەت بەبیرماندا کە لەهەمان کاتدا رەنگە هەندێ شوێنی ئەم سەرزەمینە دووچاری کارەساتی لەناوبردنو ویرانکاریی سروشتی ببێ .... لەرۆژانی گەرمدا کەشەماڵی فێنك ئەدات لەروومان بیر لەوەناکەینەوە کەئەوشەماڵە لەلایەکی تری جیهاندا لەشێوەی گەرداوو بای روخێنەرو سزابە خشدا دەرئەکەوێ ... کەمرۆڤێکی بەساڵدا چووپێمان ئەڵێ «بەردت لێ بارێ ! ..» گاڵتەمان پێ دێو بەشتێکی نەشیاوی دائەنێینو ئەوە لێك نادەینەوە کەباپیرانمان دوورنیە رۆژێك لەرۆژان دووچاری سزای کەوتنەخوارەوەی هەزارەها بەردی وردو درشت بووبن لەئاسمانەوە بەهۆی کارەساتێکی کەردوونییەوەو ئەورووداوە لەمێشکیاندا چەسپ بووبێو ئەوقسە بەکاکڵە نایابەی لەشێوەی گفتو گۆی هەمە رۆژانەدا دروست کردبێو نەوە لەپاش نەوە وەری گرتبێ .... بۆیە لای ئێمە سروشت هەمووی جوانو نازەنینە ، گوێی لاویو جۆشی خۆشەویستیمان لەگەڵدا بەراورد ئەکەینو بیر لە «تووڕە بوون»و جەزرەبەی ناکەینەوە کە ناو بەناو لەقوژبنێکی ئەم جیهانەدا مرۆڤایەتی دووچاری سزاو لەناوبردن ئەکاتو ئەفسانەو کارەسات دروست ئەکات .

* * *

رووداوە سروشتییەکان . بێ سنوورن و برانەوەیان نیەو هەمیشە لەشێوەی نوێدا دووبارە ئەبنەوە ...

ئەفسانەی زۆربەی گەلان پڕن لە هەواڵی ویرانکاریو کارەساتی سروشتی کەلە ماوەیەکی کەمدا وڵاتی ویران کردووەو هەزارەها کەسی کوشتوە . مرۆڤی کۆن بەترسەوە سەیری کارەساتی سروشتی کردووەو خۆی لەبەریدا بێ هێزو بێدەسەڵات زانیوەو نەیتوانیوە بەرگری بکات ... هەر ئەوەندەی بۆکراوە لەخوا بپاڕێتەوەو بۆنەوەی بەموعجیزەیەك رزگاری بکات . بەڵام سروشت گوێی نەداوەتە پارانەوەو کاری خۆی هەرکردووەو ویرانکارییەکەی بەردەوام بووە .

لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ چاونەترسی بووەو هەمان سروشت کەبۆتە هۆی ترسو لەناوبردنی ژیانی لاخۆشەویست کردووەو هێزی داوەتێو هانی داوە خەبات بکات دژی لەناوچوون ، بۆیە لەشوێنی شارو دێهاتی کاول کراو دووبارە بەهێزی بازوو خانووبەرەی دروست کردۆتەوەو وردە وردە ژیانی تێدا تازە کردۆتەوە ... ئەم خەباتە سەختە لەئەفسانەو هەواڵی ئەوکارەساتانەدا دەنگی داوەتەوەو نەوەی پاشەڕۆژی لەهێزو توانای باپیرانمان ئاگادارکردوە .

.... یەکێك لەهۆ سەرەکییەکانی ویرانکاری بوومەلەرزەیە کەلە ئەنجامدا لەچەند سانیەکدا وزەیەکی بێ سنووری سروشت لەناخی زەوییەوە دەرئەپەرێ ...

ئەوە بەسە بڵێین کەوزەی هەندێ جۆری بەهێزی بوومەلەرزە لەتەقینەوەی ملیونەها بۆمبای ئەتۆمی بەهێزترە .

زانایان هێزی بوومەلەرزە بە «پلە» ئەپێون . بوومەلەرزەی یەك پلەیی تەنها ئامرازی پێوانی تایبەتی تۆماری ئەکات . دووپلەیی مرۆڤ هەستی پێئەکات ، لەپێنج پلەییدا دیواری تیغەی ماڵان قرچە قرچ دەست پێئەکاتو دەرگای پێوەدراوی کلیل نەدراو ئەکرێتەوەو سواغی دیوارو بنمیچ ئەکەوێتە خوارەوە . بوومەلەرزەی ئەبێتە هۆی ویرانکاریو خانووی لەبەرد دروستکراو ئەرووخێنیو زەوی قلیشی تێ ئەبێ . کەگەیشتە دەپلە پردی پتەو ئەرووخێو هێڵی ئاسنی شەمەندەفەر ئەچەمێتەوەو ئەو بۆرییانەی بەژێر زەویدا رۆیشتوون لەیەك ئەپچڕێن . بوومەلەرزەی یازدەودوازدە پلەیی کارەساتی واگەورە ئەقەومێنێ کەلەماوەی چەند سانیەکدا رووی زەوی لەناوچەی رووداوەکەدا ئەگۆڕێ ... شاخ لەجێی خۆی ئەترازێو ئەکەوێ ، لەناوزەریادا دوورگەی تازە پەیدا ئەبێو دوورگە ئەبێ بە ژێرئاوەوە ... زەوی قلیشی گەورەگەورەی تێئەبێو ئەبێتەهۆی دروست بوونی دۆڵو شیوی وەك قلیشە بەناوبانگەکەی دەوری رەواندزو گەلی عەلی بەگ ! ..

بوومەلەرزەیەکی لەم جۆرە لە «1899»دا دای لەکەنارەکانی ئۆقیانوسی هێمن لەبەری ئالاسکاداو بووبەهۆی

بەرزبوونەوەی (10 — 12) مەتری ناخی زەریاو کەناری زەریا بەرەو ئاوەکە کشاو لەهەندێ جێگای تردا بەدرێژایی چەند کیلومەترێك زەوی کەنار بوو بەژێرئاوەوەو لەشوێنی تردا بەپانایی چەند کیلۆمە ترێك دارستانەکەی نزیك زەریا ئاودایپۆشین .

هەر لەوساڵەدا بوومە لەرزەیە کی کوشندە لەکالیفۆرنیا ڕوویدا . زۆر لەوەپێش ، لەوێ بەدرێژایی چەند سەد کیلۆمەترێك لەنزیك ڕۆخی ئۆقیانوسەوە قلیشێکی گەورە بووبوە زەوی کەبەڕای زانایان لەئەنجامی بوومەلەرزەیەکی گەورەدا پەیدا بوو بوو .

بوومە لەرزەکەی ساڵی «1899» قلیشێکی تازەی چەند کیلۆمەتر پانی لەتەنیشت ئەو قلیشە کۆنەوە دروست کرد .

پەیدا بوونی قلیش لەسەرزەوی لەهەموو شتێکی تر مەترسی پتر ئەخاتە دڵی مرۆڤەوە ، بەتایبەتی ئەوانەی بڕوایان بەئاین هەیە . بۆیە هیچ سەیر نیە کەلەکۆنەوە ئەوە باوە کەئەوترێ «زەوی ئەقلیشێتەوە بۆ ئەوەی گوناهباران قووت بدات» هیچ دوورنیە زاراوەی کۆنی کوردی «بەناخی زەویدا چووە خوارێ» لەئەنجامی پەیدا بوونی قلیشێکی واو قوتدانی چەند کەسێکدا نەهاتبێتە کایەوە .

لەڕابوردوودا بوومەلەرزەی وابەهێز ڕوویداوە کەبووە بەهۆی لەناوچوونی وڵاتی گەورەو حکومەتی بەدەسەلات . لەم دواییەدا کۆمەڵێك لەزانایانی شوێنەوار پەردەیان لەسەر شارستانیەکی بەهێزی هیندی کۆن هەڵدایەوە کەبەسێهەم شارستانیەتی دائەنرێ پاش شارستانیەتی سۆمەری ومیسری کۆن . پێش چوار هەزار ساڵ لەدۆڵی هینددا دوو شاری گەورەی پێشکەوتووی «هەڕاپا»و «مۆهینجۆداڕۆ» هەبوو . لەدەوروبەری هەزارو پێنج سەد ساڵێك «پ .ز» . لەپڕ ئەم دووشارە «ونبوون»و شوێنەواریان نەما ! زانای بەناوبانگی ئەڵمانی «ڕیێکی» لەکاتی لێکۆڵینەوەو پشکنینی ئەم ناوچانەدا نیشانەی بوومەلەزرەیەکی گەورەی بەدی کرد کەبەهۆی سەرەتای لەناوچوونی ئەوشارستانیەتە مەزنەی دانا ... بەرای ئەوزانایە شاری «مۆهینجۆ دارۆ» بەم جۆرە لەناوچوە : لەئەنجامی ئەو بوومە لەرزەیەدا لایەکی زەوی بەرز بۆتەوەو بەری روباری «ئیند»ی گرتوەو بەمە ئاوەکەی پەنگی خواردۆتەوە . لەوەپاش بورکانەکان تەقیونەتەوەو کەرەستەی ئاگراوی فڕێداوەتە ناوی‌و بوە بەهۆی پەیداکردنی زونگاو قوڕی خەست‌و گۆمێکی گەورەی قوڕاوی ناوچەکەی داپۆشیوە .

دانیشتوانی شاری «مۆهینجۆرادۆ» بێدەسەلاتانە دانەنیشتون‌و کۆلیان نەداوەو شوێنە واری خەباتیان دیارە . ئەم قوڕاوە پێنج جار شاری داپۆشیوەو هەموو جارێك لەسەر کەلاوە روو خاوەکان دووبارە خانوو بەرەیان دروست کردۆتەوە ، بەلام نەمانی زەوی کشت‌و کاڵ‌و بلاوبوونەوەی نەخۆشی‌و برسێتی ناچاری کردوون لەکۆتاییدا شار بەجێ بهێلن . بەم جۆرە سروشت لانەیەکی گرنگی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەناوبرد .

لەم دوواییەشدا کارەساتی وا بەلام بەلاوازتر ، رووی داوە : لە 1912 دا بوومەلەرزەیەکی (12) پلەیی دای لەنزیك شاری «ئەڵمائاتا» و بەقسەی ئەوانەی رزگاریان بوو شاری کرد بەدۆزەخ ! .... زەوی ئەیلووراند ، لەقلیشە گەورەکانەوە دەنگی‌وەك هەورەتریشقە گوێی کەڕ ئەکرد ، خانوو بەپێوە نەما لوتکەی شاخی خوارووی شار لەجێی خۆی ترازاو کەوتە دۆڵەکەی تەنیشتیەوە . زانایان ئێستا ئەڵێن کەئەو وزەیەی لەناخی زەوی‌یەوە بوەهۆی دروست کردنی ئەو بوومەلەرزەیە بەهێزترین ئێستگەی دروست کردنی وزەبە «300» ساڵ توانای پەیداکردنی نیە ! ....

هێزی وێرانکاری بوومەلەرزە بە هۆی نزیکی سەرچاوەکەی لەسەر رووی زەوی‌یەوە ئەگۆڕێ ئەوسەرچاوەیە هەتا قووڵتر بێ لاوازتر ئەگاتە سەر زەوی‌و وێرانکاری کەمتر ئەبێ .

لەماوەی ملیونەها ساڵی تەمەنی زەوی‌دا گۆڕینی زۆری بەسەردا هاتووە ، شاخ لەهەندێك شوێندا لەناوچوە ، شێوەو سنووری‌و شکانی‌و زەریا گۆڕاوە ، ناخی زەویش هەمیشە لەگۆڕیندا بوەو لەرزیوەو لەرینەوەکەی گەیشتۆتە سەر زەوی .

کەئەوترێ سەرچاوەی بوومەلەرزە مەبەست لەچەقی ئەو لەرزینەیە کەباسمان کردو تەقینەوەی تێدا ڕوونەدات وزۆر بەخێرایی قەبارەی گەورەی زەوی بەهەموو لایەکدا پاڵ پێوە ئەنێ‌و ئەیجولێنێ ... لەئەنجامی ئەمەدا ، لەناخی زەویدا قلیشی گەورە پەیدا ئەبێ‌و کەرستەی ئەو ناوچەیە بەخێرایی لەیەکتری ئەترازێ‌و لە یەك ئەدات‌و ئەو لەرینەوە بەهێزە دروست ئەکات‌و ئەگاتە سەر ڕووی زەوی .

سەرچاوەی بوومەلەرزە لەقوولایی جیاجیادا پەیدائەبێ . هەندێ جار پەنجا کیلومەتر لەژێرو رووی زەویدایەو هەندێك جاریش لەقولایی دەکیلۆمەتر تێناپەڕێ

لەگەڵ ئەوشدا بوومەلەرزەی واتۆمار کراوە کە سەرچاوەکەی لەقووڵایی « 300 – 800 » کیلۆمەتردا بووە ، ئەو بوومەلەرزەیەی لەبەرەبەیانی 26 ی نیسانی 1966 دا دای لەشاری تاشقەندی سۆڤیاتی و هەشت کەسی کوشت و زیاد لەهەزارکەسی بریندار کردوپتر لەدوو ملیون مەتر چوارگۆشە خانووبەرەی ویرانکرد سەرچاوەکەی لەقووڵایی 7 – 8 کیلۆمەترا بوو !

زانایان لەمێژە ئەوەیان ئاشکرا کردوە کەلەجیهاندا دوو پشتێنە هەیە کەبوومەلەرزەی زۆریان لێ ئەدات : یەکەمیان لەرۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا لەدورگەکانی زوندەوە هەتا پەنەما بەشاخەکانی هیمالایاو پامیرو قەفقاس و نیمچەدورگەی بەلقان و شاخی ئەپەنی و پیرینی دائەکشێ و بەئۆقیانوسی ئەتلەسیدا ئەگاتە مەکسیک و ئەمەریکای ناوەراست . پشتێنەی دووەم ناوچەی ئۆقیانوسی هێمن ئەگرێتەوەو گەماروی یابان و فیلیپین و دوورگە کانی هاڤای و کوریلی ئەدات و ئەگاتە ئالاسکاو ئیسلاندا و لەوێشەوە بەدرێژایی رۆخی رۆژئاوای ئەمەریکای سەروو و خواروو ئەکشێ و لەشاخەکانی کالیفۆرنیاو پیرۆ وشیلی یەوە بەرەو ئەنتراکیتدی قوتبی باشوور ئەڕوات .

بەڕای زانایان پەیوەندی یەکی نزیک هەیە لەنێوان شوێنی ئەودوو پشتێنەیەداو دروست بوونی شاخ لە جیهانداو لەو باوەردان کەئەو شاخانەی لەدەوری دروست بوونی کۆتایی دان و بورکانیان تێدایە پتر دووچاری بوومەلەرزەی بەهێزدەبن ... لەگەڵ ئەوەشدا بوومەلەرزە لەدەرەوەی سنووری ئەم دوو پشتێنەیەشدا روودەدات و نموونەی زۆری لەم چەشنە لەساڵی (1091)ەوە تۆمار کراوەو بەڕای زانایان لەسەر رووی زەوی شوێنێك نیە کەرۆژێك لەرۆژان دووچاری بوومەلەرزەی گەورە یان بچووکی هەست پێ نەکراو نەبوویێ و ساڵی نزیکی سەد هەزار جار روودەدات ، واتا رۆژی نزیکی «300» جار زەوی «ئەلەرزێ» ! ...

باهەندێك بگەرێینەوە بۆمێژووی رابوردوو : بوومەلەرزەیەکی قەراغەکانی زەریای سپی ناوەراست لەساڵی 526 ز . دا کاولکاری یەکی بێسنووری بەرپاکردو نزیکی دووسەد هەزار کەسی [illegible] . لەناوچەی «شان – سی» ی چیندا لە 23ی کانوونی دوهەمی 1556دا لەئەنجامی بوومە لەرزەیەکی بەهێزدا «830» هەزار کەس لەناوچوو ، هەر لە ئەنجامی ئەم بوومەلەرزەیەدا زۆر لەو جوتیارانەی لەئەشکەوتەکاندا ئەژیان بەهۆی رووخاندنی شاخەکانەوە بوون بەژێرەوەو مردن .

وەك نووسراوە کۆنەکان باسی ئەکەن ، لەسەدەی پێنجەمی زاینەوە لەو ولاتەدا هەرشەش ساڵ و نیوێك بوومەلەرزەیەك رووی داوە .

رۆژی یەکی تشرینی دوەمی «1755» سێ بوومەلەرزەی بەهێز شاری لیشبۆنەی رازاوەی کاولکرد ... بێجگە لەمە ، لەئەنجامی کاول کاری یەکەدا ئاگرێکی واکەوتەوە کەزۆر بەدرەنگ کوژایەوە ... زۆر کەس بەرەو کەنارە بەردینەکەی زەریا چوون کەخۆیان رزگاربکەن بەلام دوەم «لەرینەوە»ی زەوی ئەوکەنارەی بەخەڵکەکەوە برد بەناخی زەریاداو نوقومی کردن .

لەیەکی ئەیلولی 1923دا بوومەلەرزەیەکی (8،2) پلەیی دای لەدوورگەی «هۆن سیو»ی یابان و کاری کردە سەر زۆربەی شارەکانی ئەو ناوچەیە بۆ وێنە لەیەکێك لەگۆرەپانەکانی تۆکیودا کە «95» کیلۆمەتر لەوێوە دوورە نزیکی «40000» کەس لەناوچوو ! لە «6»ی تشرینی یەکەمی 1948 دائەو بوومەلەرزە «7،3» پلەیەی شاری ئەشخابادی پایتەختی تورکمەنستانی سۆڤیاتی ویرانکرد ، زەوی مۆسکۆی دوور لەوەوە «0،4» ملیمەتر ترازاند ! .... بێجگە لەمە «30» گوندی ئێرانی سەر سنووری لەگەڵ زەویدا تەخت کرد .

لە 22ی مایسی 1960 دا بوومەلەرزەیەکی «11» پلەیی شاری ڤالدیڤیۆ پیۆتۆرمۆنت ، وکاستروی لەشیلی ویران کردو پترلە «50 000» خانووی بەدرێژایی «600» کیلۆمەتری سەرزەوی قەراغ ئۆقیانوسی هێمنی لەگەڵ زەویدا تەخت کرد .

بوومەلەرزەی ناوبراو هێندە بەهێز بوو بوو بەهۆی تەقینەوەی بورکانی «پویوی» . هەروەها بوەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی ئۆقیانوسی .... لەهەندێك جێگادا ئاوەکە دەمەتر بەرزبوەوەو شەپۆلی بەخێرایی «700» کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا زەوی بەهەموو شتێکەوە داپۆشی .... ئەم شەپۆلانەی ناو ئۆقیانوس ئەوەندە بەهێز بوون گەیشتنە کەنارەکانی یابان و بەندەرەکانی شاری «هۆن – سیو»و «هو – کایدۆ» ی داپۆشی .

ئەو بوومەلەرزە 10 – 11 پلەیی یەی لە 27ی مارتی 1964دا لە ئەلیاسکای دا لە روبەرێکی «20 000» کیلۆمەتر چوارگۆشەدا ویرانکاری زیانبەخشی نواند .

بوومەلەرز ە سەیرە «11 – 12» پلەیی یەکەی چواری کانوونی یەکەمی 1957ی شاری «هۆیی – ئەلتای» کەئەکەوێتە

خوارووی مەنگۆلیاوە لەسەر رووی زەوی شەپۆلی گڵو خۆڵی لەشێوەی شەپۆلی ناوزەریادا دروست کرد !

کارەساتی بوومەلەرزەی ژێرزەریاو کەنارەکانی لەکارەساتی بوومەلەرزەی سەر ووشکانی ترسناکترە ، چونکە لەئەنجامی ئەمە وە شەپۆلی وا دروست ئەبێ ، هەرچەندە لەناوەڕاستی زەریادا لەمەترێك بەرزتر نابێتەوە ، بەلام کەلەکەنار نزیك ئەبێتەوە قەبارەی زۆر ئەگۆڕێو خێرایی ئەگاتە 700 — 900 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا !

لەساڵی 1755 دا ئەوبوومەلەرزەیەی لەوەپێش باسمان کرد چەند شارێکی پورتوگاڵی وێران کردو نزیکی «30 000» کەسی کوشت . لەناخی ئ‌ۆقیانوسی ئەتلەسیدا بوومەلەرزەیەك بنی زەریای شلەقاندو ئەو شەپۆلە «30» مەتر بەرزانەی کەناری لیشبۆنە نزیکی «60 000» کەسی لەناوبرد .

ئەو بوومەلەرزەیەی ناخی زەریا ساڵی 1960 دای لەشیلیو لەوەپێش باسمان کرد درەختی سەدەها ساڵەی لەرەگو ریشە هەڵکێشاو خستی ، قوڕولیتەی ژێر زەریا کە سەرئاو کەوت چەند کەشتی‌یەکی بەجۆرێك داپۆشی لەوەپاشیش نەتوانرا رزگاربکرێن . شەپۆلی ئاو نزیکی شەش مەتر بەرز ئەبوەوە و ئەگەرایەوە دواوەو ناخی کەنارەکان دەرئەکەوتنو لەوەپاش بەهێزێکی گەورەترەوە خۆیان ئەدایەوە لەشارو لەئەنجامدا زیاتر لە «1700» کەس لەناوچوو ! ... ئەم بوومەلەرزەیەی شیلی هەمووخڕۆکی زەوی جوولاندو ناخی زەریای لەجێی خۆی ترازاندو شەپۆلەکان ، کەدرێژی یان 200 — 300 کیلۆمەتر بوو بەخێرایی «700 — 900» کیلۆمەتر ئۆقیانوسی هێمینان بڕیو گەیشتنە یابانو دایان لەکەنارەکانی بەندەری «هۆنسیۆ»و «هاکایدۆ»کە «17 000» کیلۆمەتر لەسەرچاوەی بوومەلەرزەکەوە دوور بوون . ئەوەی شایانی باسە لە (2500) ساڵی رابوردودا (355) بوومەلەرزەی وابەهێزی ناوزەریا رووی داوە ، بەلام بوومە لەرزە لاوازەکان ئەگاتە نزیکەی «19000»

«هۆی پەیدابوونی بوومەلەرزە»

لای زانایان ئاشکرابوە کەبوومەلەرزە کارێك نی‌یە لەخۆیەوە دروست ببێ یان بەهۆی هێزێکی نادیارەوە پەیدابێ بەڵکو لەئەنجامی جوولەی ناخی‌زەویدا رووئەدات ، بۆیە پێویستە لەهۆو شێوەو جۆری ئەم جوولاندنە بکۆڵرێتەوە بۆئەوەی بتوانرێ کاتو شوێنی ئەم بوومەلەرزانە لەپێش روودانیدا بزانرێ .

هۆی ئەم جوولاندنە زۆرن . لەناخی زەویدا گەرماییەکی زۆر بەرز کۆبوتەوە . رووی زەوی لەبەر ئەوەی گەرمایی ئەداتەوە سارد ئەبێتەوەو بەو هۆیەوە چینە جیا جیاکانی زەوی پاڵەپەستۆی جیا جیایان ئەچێتە سەرو «گرژ» ئەبنو ئەکەونە جوولە ! .

بەهۆی گەرمی ناخی زەوی‌یەوە ئەوکەرەستەو مادانەی تیایدان لەدۆخێکدا نامێننەوەو قەبارەیان ئەگۆڕێو ئەمەش دووبارە ئەبێتە هۆی جولاندنی زەوی .

هێزی راکێشانیش هۆیەکی تری «جوولەکردن»ی زەوی‌یە . قەبارەی قورسی وەك شاخ هەوڵ ئەدات رۆبچێتو قەبارەی سووك ، بەپێچەوانەوە ، ئەیەوێ بەرزبێتەوە ، هێزی راکێشانی مانگو رۆژیش هەندێك جار یارمەتی ئەمە ئەدەن !

خێرایی سووڕاندنەوەی زەویش هەمیشە لەگۆڕاندایەو ئەمەش دووبارە هۆیەکی تری «لەرزین» ی زەوی‌یە !

گۆڕینی هێزی موگناتیسی زەویش هۆیەکی تری ئەو جوولەیەیە کەتووشی زەوی دێت .

لەم دواییەدا زانایان گەیشتونەتە ئەو رایەی کە رووداوو تەقینەوەی سەرخۆر هۆیەکی گرنگی پەیدابوونی کارەساتو رووداوی سروشتی سەرزەوین ... دەرکەوتووە کەئەوسالانەی تەقینەوە لەسەر خۆر زیاد ئەکات بوومەلەرزەش لەسەرزەوی پەرەئەسێنێ . لەم بارەیەوە دکتۆر سیمپسۆنی ئەمەریکی ، پاش لێکۆڵینەوە لە 22 هەزار بوومەلەرزەکە لەنێوان ساڵانی 1950 — 1963 داڕووی داوە نووسی : «ئەگەر تەقینەوەی سەرخۆر لە «50» وەبگاتە «150» تەقینەوە لەئەنجامی ئەمەدا رادەی بوومەلەرزە لەسەر زەوی 31٪ زیاد ئەکات !

چۆن تەقینەوەی سەر رۆژ کە «150» ملیون کیلومەتر لەزەوی‌یەوە دوورە کاری وای تێ ئەکات ؟

وەك ئاشکرایە رۆژ بەردەوام کۆمەڵە ئەلەکترۆنو پرۆتۆن ئەهاوێژێو ، کەئەگەنە سنووری کارەبایی زەوی ، تەوژمی موگناتیسی دروست ئەکەن . تەوژمی بەهێزی لەم جۆرە خێرایی سوڕاندنەوەی زەوی ئەگۆڕێو ئەبێتەهۆی جوولاندنی ناخی زەوی‌و پەیداکردنی بوومەمەلەرزە بۆیە هیچ سەیر نی‌یە کە لە «15»ی تەموزی «1959»دا کەلەسەر رۆژ تەقینەوەیەکی بەهێز رووی دا لەهەمان کاتدا لەسەر زەویش ژمارەیەکی زۆر بوومەلەرزە پەیدا بووە .

شتێکی سەیرتر ! .... لەماوەی «900» ساڵ تۆمارکردنی کارەساتی سروشتی زانایانی جۆرجیا ئەوەیان بۆ دەرکەوتوە

کەزۆربەی بوومەلەرزەکان لەو ماوەیەدا لەوکاتەدا بوە کە مانگ لەشەوی چواردەدا بوە ! لەم بارەیەوە زانای «مانگ ناس» کەزیروف ئەڵێ . «لەوەناچێ مانگ تەنیکی ئاسمانی سەربەخۆبێت ، بەڵکو زیاتر لەوە ئەچێ پارچەیەك بێ لەزەوی چونکە کەبوومەلەرزەیەك لەمیسر یان لەیابان روونەدات لەهەمان کاتدا لەسەرمانگ تەقینەوەی غازبەدی ئەکرێ .. لەکاتی بوومەلەرزەی سەرزەوی‌و دوای تەواو بوونی بورکان‌و جولاندنی سەر رووی مانگ پەیدا ئەبێ .... ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کەبوومەلەرزەی سەرزەوی ئەبێتەوە هۆی گۆڕینی سەر رووی مانگ ! ... ئەمەش ئەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەئەتوانین بڵێین وەك چۆن هەندێك باڵندەو گیان لەبەر لەپێش روودانی بوومەلەرزەدا هەستی پێ‌ئەکەن‌و خۆیان ئامادە ئەکەن هەروەها مانگیش هەستی پێ‌ئەکات‌و نیشانە پیشان ئەدات ....

ئەمەش ئەبێتە ئاوێنەیەك بۆ ئەوەی بتوانین کاتی بوومەلەرزە لەسەرزەوی دەست نیشان بکەین ، بیروڕایەکی تر دژی ئەمە ئەوەستێ ئەویش ئەوەیە کەوەك لەوەوپێش باسمان کرد ، هۆیەکی گرنگی روودانی بوومەلە رزەی سەرزەوی مانگە . لەم دوو رایەکامیان راستە ؟ ..... بەتەواوی نازانرێ ... هەرچۆنێك بێت ، ئاواتی مرۆڤایەتی لەم بارەیەوە ئەوەیە کە زانیاری بگاتە رادەیەکی وا هەموو کەسێك بزانێ کەی بوومەلەرزە روو ئەدات‌و رێگای خۆپاراستی بۆ دانێ . هەتا ئەگەینە ئەو رۆژە زانایان هەوڵی ئەوە ئەدەن کەخانوو بەرەو دامەزراوی وادروست بکەن بەرگەی «لەرزین»ی زەوی بگرێ‌و لە ژێر هێزی رووخێنەری ناخی‌زەویدا بوەستێ‌و نەرووخێ بەسەر دانیشتوانیدا .... بەداخەوە لای ئێمە هێشتا بیر لەمە نەکراوەتەوە ! ...

سەرچاوەکان

1 - کیسین : بوومەلەرزەو ئاوی ژێر زەوی موسکۆ - 1982 [بەڕوسی]

2 - تازییف : بوومەلەرزە - موسکۆ 1968 [بەڕوسی]

3 - فلۆرینتسۆڤاو سولۆنینکۆ : بوومەلەرزەکەی هۆبی - ئالتای . موسکۆ - 1963 [بەڕوسی]

4 - کولینۆڤو سیدۆرینکۆ : پلانیتی زەوی موسکۆ - 1977 [بەڕوسی]

صدیق شیخ محمود بەرزنجی

بۆمبای نیوترۆنی

ئەگەر دانیشتوانی سەر ئەرز بیانزانیایە کە چەکە ناووکی‌و ئەتۆمی یەکان چ هەرەشەیەکی ترسناك لە سرینەوەی رەگەزی مرۆڤایەتی‌و تێکرای هەموو زیندەوەرانی سەر زەوی دەکەن بەپیسترین شێوەی بەکۆمەڵ لە ناو بردن : دڵنیام کە لە ماڵەکانیاندا نەدەنوستن‌و بەخۆپیشاندان‌و مان گرتن شەقامەکانی هەموو شارەکانی جیهانیان سیخناخ دەکردو بەدەنگی نارەزایی‌یان ملیان بەشەڕخوازە ئیمپریالیستە ئاگر خۆشکەرەکانی ئەو جەنگە ناووکی‌یە شۆڕ دەکردو پەیمانی قەدەغەکردن‌و لەناوبردن‌و دروست نەکردنی ئەو جۆرە چەکانەیان پێ مۆر دەکردن .

لەڕاستی‌دا بۆمبای نیوترۆنی بریتی‌یە لەبۆمبایەکی هایدرۆجینی‌ی بچووك‌و بە بۆمبایەکی ئەتۆمی‌ی بچووك دادەگیرسێت‌و دەتەقێنرێت ، بەڵام جیاوازی ئەم چەکە لەگەڵ بۆمبای ئەتۆمی‌و هایدرۆجینیدا ئەوەیە کە ماددەی تەقەمەنی‌یە هایدرۆجینی‌یەکە لە بۆمبای نیوترۆنیدا پێکهاتنێکی شێوە جیاوازی هەیەو پێویستیشی بەپلەیەکی گەرمی‌ی کەمتر هەیە وەك لەوپلە گەرمی‌یە بەرزەی کە بۆمبا هایدرۆجینی‌یە گەورەکان لەتەقینەوەکەیاندا دەیانەوێت ، لەبەر ئەوە تەقاندنەوەکەی بۆمبایەکی ئەتۆمی‌ی بچووکتری دەوێت . ئەو کارەی کە بۆمبایەکی هایدرۆجینی دەیکات بەپێی تواناکەی دروست کردنی شەپۆلە پەستانێکی زۆر توندو پلەیەکی گەرمی‌ی زۆر بەرزە : کەنزیکە هاوتای گەرمی رۆژەو هەرچی‌یەکیش بکەوێتە چوارچێوەی سنووری تەقینەکەیەوە لەئانێکدا هەپرون بە هەپرونی دەکات‌و دەیسووتێنێت‌و دەیتوێنێتەوە . بەڵام بۆمبای نیوترۆنی ئەو ئەنجامەی کە لێ‌یەوە چاوەڕوان دەکرێت دەبێ بە پێچەوانەوەی ئەوەوە بێت ، ئەویش مانەوەی کەرەستەو شتە ماددی‌یەکانە بەپێی توانای بۆمباکە بەسەلامەتی بێ ئەوەی لەکاریان بخات‌و لەناو بردنی « تەنها ! » هەموو گیان لەبەرێکەو پێش هەموو شیان لەناو